Revolutionareis Union of Kurdistan

یەکێتی شۆڕشگێڕانی کوردستان

سوپای پاسدارانی ڕێژیم لە مەریوان، چەکی دژی ئاسمانی
لە بەرزاییەکان دادەمەزرینێ و داوای هەڵگرتنەوەی چەکیش لە بەسیجییەکان دەکا

بە پێی هەواڵێکی تایبەت بە یەکێتی شۆڕشگێڕانی کوردستان، لە پێشنیوەڕۆی رۆژی شەممە 15/ڕێبەندانی/2705، ڕێکەوتی 4/فیورییەی/2006،ەوە، سوپای پاسدارانی ڕێژیم لە شاری مەریوان دەستیکردووە بە دامەزراندنی ژمارەیەک چەکی دژی ئاسمانی لە بەرزاییەکانی ئەو شارە و دەوروپشتی.

ئەو شوێنانەی تا دەرکردنی ئەم راگەیەندراوە چەکی دژی ئاسمانی لێ دامەزراوە بریتین لە: سەربانی 5 نهۆمەکانی ناوشار، بەرزاییەکانی "ملەی چاوگ"، "تەرخاناوا" و "سەیلەقووز".

لە لایەکی دیکەوە، فەرماندەیی بەسیجی سوپای پاسداران هەموو ئەندامانی بەسیجی لە هەموو کەرت و بەشەکاندا داواکردوە، بۆ هەڵگرتنەوەی چەک.

سەرچاوەکانی یەکێتی شۆڕشگێڕانی کوردستان، ئەم جموجۆڵانە بە بەشێک لە مانۆڕەکانی ڕێژیم بۆ بەناو بەرەنگار بوونەوەی هەر پەلامارێکی دەرەکیی لێکدەدەنەوە.

یەکێتی شۆڕشگێڕانی کوردستان
13/ڕێبەندانی/2705
12/فێورییەی/2006

www.ruk2691.com

www.rukusa.com

Email: ruk2691@yahoo.com کوردستان (ناوەندی)

Email: ruk_usa@yahoo.com -TEL: 202-492-3235, 519-489-0162, 703-286-5389 ئەمریکا

Email: ruk.europa@betuwe.net - TEL: 0031263252693- Fax: 0031263252157 ئوروپا

HEWLER: TEL:2226682 - Mobil: 4480467

SILEMANI: TEL: 3189462 Mobil: 07702540203